# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان

سەنتەری توێژینەوەی نەوەی نوێ

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان

**پێشەکی**

لە ئەدەبیاتی دیموکراسیدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بە قاتی خوارەوەی دیموکراسی وەسفدەکرێن، ئەمەش واتای وایە بەبێ بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی قورسە قاتی سەرەوەی دیموکراسی دروست بکرێت.

یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی وایکردووە دۆخی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی دەڵەمە و خراپدا بێت لاوازی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. لەم توێژینەوەیەدا، لەسەر بنەمای چاوپێکەوتن، باس لە هۆکارەکانی لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان دەکەین، توێژینەوەکە ئارگۆمێنتی ئەوە دەکات دەسەڵاتدارانی هەرێم لەپێناو مانەوەی خۆیاندا بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشدارن لە لاوازکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان**

زیاتر لە پێنج هەزار ڕێکخراوی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەردەوام ژمارەکانیان لە زیادبووندایە بەهۆی خۆ تۆمارکردنی ڕێکخراوی نوێوە. لەبارەی کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە، سەرۆکی یەکێك لە تۆڕەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەڵێت:: "هەنگاو جوڵە هەیە، یاسا مافی دەسکەوتنی زانیاری، یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری، یاسای کاری ڕێکخراوەیی، ئەمانە بە کاریگەری ڕێکخراوەکان دەرچوون، وە

لە هەندێك بڕیاردا كاریگەرییان هەبووە. لە هەمانكاتدا، لەڕووی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرییەوە كاریگەرییان هەبووە. بەڵام كارو چالاكیەكانیان بە ئاراستەی فشارخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە ئاست ئەو ژمارە زۆرەیاندا نیە". بەواتایەكی تر، ئەگەرچی ژمارەیەكی زۆر ڕێكخراوی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان بوونیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی كاروچالاكی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لاوازن، بەتایبەت لەڕووی فشارخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی كوردستان. لاوازی ڕێكخراوەكانی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان بۆ چەند هۆكارێكی سەرەكی دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان بریتین لە:

1- نەبوونی **ژینگەیەكی لەباری دیموكراسی**، كە ڕێگرە لەوەی ڕێكخراوەكان بتوانن بە ئازادانە كاروچالاكیەكانیان ئەنجامبدەن. چالاكوانێكی بواری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی ئاماژە بۆ لاوازی و نەڕسكاوی دیموكراسی لە هەرێمی و كوردستان و سەروەرنەبوونی یاسا دەكات وەك دوو بەربەرستی گەورەی بەردەم كاری ڕێكخراوەیی. ئەو چالاكوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە تەنها لە چوارچێوەی سیستمێكی دیموكراسی كە تێدا سەروەری یاسا بوونی هەبێت، مافەكانی مرۆڤ ڕێز لێگراوبن، لە دۆخێكی ئاوادا ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن بە دروستی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. ئەگەر نا لەدۆخێكی ئاوای نەخوازراو ناجێگیری سیاسی و ناجێگیری ئابووری و ئیداری هەرێمی كوردستاندا ڕێكخراوەكان ناتوانن ڕۆڵی كاریگەری خۆیان بگێڕێن.

2- **لاوازی ئەو كەناڵانەی كە ڕێكخراوەكان دەتوانن لە ڕێگەیانەوە ڕۆڵی كاریگەر بگێڕن**.

دەسەڵات لە كوردستان هەموو ئەو كەناڵانەی كە كاریگەرییان دروست دەكردو ڕێكخراوەكان بەهۆیانەوە ڕۆڵیان هەبوو بێ ڕۆڵیانی كرد. بۆ نموونە، سندوقەكانی دەنگدان كە كەناڵێكە ڕێكخراوەو خەڵك دەتوانێت كاریگەری دروست بكات وایان لێكرد كە كەمترین خەڵك ڕووبكاتە سندوقەكانی دەنگدان، شەقام ڕێگایەكی تر بوو، بۆ نموونە، دەرفەتیان دا مامۆستایان خۆپیشاندان بكەن، بەڵام بەبەرنامە وایان كرد هەڵویستی مامۆستایان كاریگەری نەبێت، ئەمەش بێ ئومێدكردنی خەڵك بوو لە جوڵەی مەدەنی، لە بەشداری لە كاری ڕێكخراوەییدا، ئەمە تاكتیكێكی دەسەڵات بوو كە ڕێگەیدا ژمارەی ڕێكخراو زۆربێت بەڵام كاریگەری و ڕۆڵی نەبێت.

چالاکوانێکی دیاری ڕێکخراوەکان باس لەوە دەکات کە هەموو ئەو کەناڵانەی کە ڕێکخراوەکان دەیتوانی ڕۆڵیان تێدا هەبێت دەسەڵاتی سیاسی وایکردوە ڕۆڵیان نەبێت ئەمەش بەهۆی سەروەرنەبوونی یاسا، بە مەرکەزیکردنی تەواوی دەسەڵات و بە ئەمنیکردنی جوڵە مەدەنیەکان، وە بە نەهێشتنی ئەو دامەزراوانە ڕێکخراوەکان بەرخوردیان لەگەڵیان هەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەوان پەرلەمانیان پەخست، سەرۆکەکەیان دەرکرد.

وە هەروەها ئەنجومەنی پارێزگاکان کە دەسەڵاتێکی لامەرکەزیەو، دەسڵاتێکی نیمچە تەشریعی و چاودێریان هەیە، ڕێکخراوەکان سوودیان لە بوونی ئەم جۆرە لە دەسەڵاتە لامەرکەزی و تەشریعی و چاودێرییە وەردەگرت بۆ ئاستی سنورەکەی خۆیان، چەند ئەم ئەنجوومەنانە بەهێزبن ئەوەندەش جووڵەی مەدەنی بەهێز دەبێت، ئەوەندەش ڕێکخراوەکان لەڕێگەی دەسەڵاتە تەشریعی و چاودێرییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە کاریگەرو ڕۆڵیان بەهێز دەبوو، ئەوان هەموو ئەمانەیان بێ ڕۆڵ کرد.

3- ڕێکخراوەکان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان بە سەربەخۆیی پێویستیان بە پاڵپشتی دارایی هەیە لەچەند شوێنێکی دیاریکراوەوە، بەڵام **<u>ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست پاڵپشتی ناکرێن</u>**. لەم بارەیەوە چالاکوانێکی دیاری ڕێکخراوەکان باس لەوە دەکات کە دەبوو فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان پشتیوانی دارایی پڕۆژەی ڕێکخراوەکانی بکردایە، بەڵام بێجگە لە ساڵی یەکەمی دروستبوونیەوە لە ساڵی 2014ەوە نەیتوانی پاڵپشتی دارایی پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بکات، ڕێکخراو کاتێك دەتوانێت ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، ڕێکخراوێکی ناحزبی، ناحکومی و قازانج نەویست بێت کە سەرچاوەی پشتیوانی پڕۆژەکانی دیاربێت، فەرمانگەی ڕێکخراوەکان نەیتوانیوە بەو ئەرکە هەستێت. سەرچاوەی داهاتی تری پشتیوانی دارایی ڕێکخراوەکان کەرتی تایبەتە، کە خۆی لە کۆمپانیاو سەرمایەداران و خێرخوازو ڕێکخراوە بیانیەکان دەبینێتەوە، کە ئەمانە بەوتەی چالاکوانێکی دیاری ڕێکخراوەکان و هیچیان لە ئاستی پێویستدا نیە، لەو ڕووەوەی کەمن، ئەگەر کەمیش بن

مەرجدارن، وەرگرتنی فەندیش لەوانە ڕێوشوێنی قورسی هەیە. ئەم حاڵەتە لە ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی و هەولێر، بۆ نموونە زۆر سەخترە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

هۆکاری سەرەکی لاوازی ڕێکخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پاڵپشتی دارایی بۆ پڕۆژەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە، ڕێکخراوێك بۆ ئەوەی چالاکی هەبێت ئەبێت پشتیوانی دارایی هەبێت. ڕێکخراوێك ئەگەر لەلایەن سیاسی و حزبێکەوە پشتیوانی بکرێت ئەوکاتە بە مەرج پشتیوانیت دەکات بەم هۆیەوە سەربەخۆیی لە دەستدەدات. چالاکوانێکی بواری ڕێکخراوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەسەڵات بە بەرنامە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕووی ئابوورییەوە لاواز دەکەن، تا ملکەچ بن و لەبەردەرگای ئەوان بوەستن دوای پشتیوانیان لێبکەن بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەك، ئێ ئەمە چۆن دەتوانێت فشار دروست بکات، وە هەروەها زۆر جار بۆئەوەی دەرفەت و کارو چالاکیەت هەبێت دیسان دەبێت خۆت ڕەنگدار بکەی بە ڕەنگێك بۆ ئەوەی گرفت بۆ کارو چالاکیت دروست نەکرێت، وە هەروەها هەندێك پشتیوانی و فەندی ڕێکخراوە بیانیەکان هەیە دیسان هەر دەبێت خۆت بدەیتە پاڵ حزبێك بۆ ئەوەی لەوەش بێبەش نەبیت. هەموو ئەمانە، جۆرێك لە تەڵەو ڕێگاو شێوازە دەسەڵات دەیگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوەکان. بەهەمان شێوە، ئیبراهیم زەریف، سەرۆکی رێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان دەڵێت: "حکومەت هیچ هاوکارییەکی مادی و مەعنەوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەی کە بەڕاستی کار دەکەن نەکردوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بۆ ئەو رێکخراوانەیە کە کلك و دەروێشی خۆیانن، تەنانەت رێکخراوی وا هەیە کە ژینگەییە لە گەرمیان (50) ملیۆن دیناری وەرگرتوە بێ ئەوەی سودێکی بۆ ژینگە هەبێت، هیچ لێپێچینەوەیەکیش نیە". لەمەش زیاتر، سەرەڕای ئەوەی حکومەت پاڵپشتی دارایی بۆ ڕێکخراوەکان دابین ناکات، لە ساڵی 2017 نوسراوێك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرچووەو نوسراوەکە داوای ئەوە دەکات کە ڕێکخراوەکان دەبێت باج بدەن لەکاتێکدا بەپێی یاسای ڕێکخراوەکان بەدەق ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ڕێکخراوەکان بەخشراون لە هەموو باج و ڕەسمێکی گروپی. بەهۆی وەرگرتنی پارەو باج لەڕێکخراوەکان، ژمارەی ڕێکخراوەکان زۆر

کەمیکردوە، تەنها (670) ڕێکخراو لە ساڵی 2019 لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان نوێکردۆتەوە بەهۆی نەبوونی فەندەوە.

4- **<u>بەرتەسکردنەوەی کاری ڕێکخراوەکان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لەرێگەی هەوڵدان بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای کاری ڕێکخراوەکان، ئاڵۆزکردنی مۆڵەت نوێکردنەوە و وەرگرتنی باج لە ڕێکخراوەکان و قەدەغەکردنی بەشێك لە ڕێکخراوەکان</u>**. لەم بارەیەوە عیماد حەمید، بەڕێوبەری ناوەندی نیشتیمانی بۆ مافی مرۆڤ، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان پێشتر ترسیان هەبووە لە حکومەت لەوەی کە کاری ڕێکخراوەکان سنوردار بکات، هەر بەم هۆیەوە پێشتر سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەردانی پەرلەمان، سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەردانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانیان کردوە، پەیامێکمان پێگەیاندن ناوەڕۆکی پەیامەکەش بریتیەبووە لەوەی کە ئەوان نیەتی باش لە حکومەت ناخوێنینەوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان، عیماد حەمید دەڵێت دواجار ترس و گومانەکانمان لەجێگەی خۆیدابوو، ڕاست دەرچوو، لەبەرئەوەی ئەوان لیژنەیەکیان دروستکردوە، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئەندامێتی، لە کارگێڕی فەرمانگەش کەسێك و لە بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری کەسێك، لەکاتێکدا پێدانی تۆمار لە دەسەڵاتی فەرمانگەدایە، بەڵام ئەوان وەزارەتی دارایی و ئابوورییان هێناوەتەوە ناوەوە بۆ ئەوەی هەر کەس چوو تۆماری نوێ کردوە بچێت باجەکەی بدات و پارەکە بدات بە حکومەت. بە وتەی عیماد حەمید تازەترین هەوڵیان هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان، یاسای ژمارە 1ی 2011یە، پەرلەمان لە ساڵی 1992ەوە، بە گەرنتی ئەیڵێم، یاسایەکی لەم یاسایە جوانتری دەرنەکردوە، بەڵام بۆ ئەیانەوێ ئەو یاسایە هەموار بکەنەوە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە دایڕێژێتەوە کە لەبەرژەوەندی حکومەت بێت، بۆ ئەوەی هەژموونی ئەوە بکەن بەسەر ڕێکخراوەکاندا بکات تا بتوانێت بیانگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی دەزگا ئەمنییەکان، بۆ ئەوەی نەتوانی فەندێك لەدەرەوە وەربگریت ئەگەر ئیمزای سەرۆك وەزیرانی لەسەر نەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، لە وەرگرتنی

پارەی خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو کارەباو ڕێکخراوەکان حسابی کۆمپانیایان بۆ کراوە، وەك ئەوان دەبێت پارە بە حکومەت بدەن. هەروەها، یەکێکی تر لەڕێگاکان کە دەسەڵات بۆ کپکردنی دەنگی ڕێکخراوەکان دەیگرێتەبەر بریتیەلە دروستکردنی ڕێکخراوی سێبەری حزبی، ڕێکخراوی سێبەری کۆمپانیا حزبیەکان. ئەمە جگەلە بەرتەسکردنەوەی کاری ڕێکخراوەیی، ڕێکخراومان هەیە لە هەولێر تائێستاش ئاسایش نایەڵێت بارەگای هەبێت، ڕێکخراومان هەیە لەلایەن ئاسایشەوە سنوردارش کراوەتەوە بۆ ئەمدیوی دێگەڵە. ڕێکخراومان هەیە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران داخراوە لەکاتێکدا لە هیچ یاسایەکدا نیە ئاماژە بۆ ئەوە کرابێت ئەنجومەنی وەزیران بتوانێت ڕێکخراو هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو ئەوە تەنها دەسەڵاتی دادگایە، لێرەش لە سلێمانی قایمقام هەبووە بڕیاری هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوی داوە.

5- **<u>دەستێوەردانی قوڵ و فراوانی حزب لە نێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا ڕێگرە لەبەردەم بەهێزبوونی ڕێکخراوەکان و چالاکبوونیان</u>**.هەروەك ئاشکرایە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز ئەو کۆمەڵگەیە کە کەرتە مەدەنیەکەی، بەشە ڕێکخراوەکەی کەرتێکی بەهێزە، تاکەکانی بەپێی پیشە، ڕەگەز، تەمەن خۆیان ڕێکخستووە توانای چاودێری و فشارییان هەیە لەسەر هەردوو کەرتی گشتی " حکومەت" و کەرتی تایبەت، بەڵام لە کوردستان ئەمە تەواو پێچەوانەیە، لەم بارەیەوە چالاکوانێکی دیاری ڕێکخراوەکان دەڵێت: "دوو کەرتی گەورە وەك دێو و دڕندە پێکەوە دەستیان خستۆتە دەستی یەك بۆ چەوسانەوەی کەرتە مەدەنیەکە، هەم سیاسی و هەم سەرمایەدار کۆمەڵگەیان خواردوە، لە کۆمەڵگەی تەندرستدا تاکەکان بەپێی تواناو بەهرەو پیشەو ڕەگەز خۆیان ڕێکخستوە، بەڵام لە کوردستان کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت بەپێی یاسا گەلێك کە خۆیان بۆ خۆیانیان داتاشیوە کەرتە کۆمەڵگەیان کۆنترۆڵکردوەو مەدەنیەتیان پەلوپۆ کردوە.یەعنی ڕێکخراوێك ناتوانێت دروست بێت ئەگەر ئەوان پشتگیری نەکەن، ئێ ڕێکخراوێك حزب و کۆمپانیاو سەرمایەدار پشتگیری بکات چۆن ئەتوانێت فشار دروست بکات".

6- سەندیکاکان وەك بەشێك لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە فشارکردن لە دەسەڵاتی سیاسی بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی ماف و داخوازییەکانی ئەندامانی سەندیکاو یەکێتیەکان، بەڵام **لەڕاستیدا لەهەرێمی کوردستان سەندیکاو یەکێتیە پیشەییەکان بە تەواوی بەسەر حزبەکاندا بەجۆرێك لەجۆرکان دابەشبوون، لەژێر هەیمەنەی حزبدان، کەسی یەکەم و دووەم و سێهەمی سەندیکان لەلایەن حزبەوە دەنراون، بەهیچ جۆرێك لە ئاست بەرگری لە مافی هاوپەیشەکانیاندا نین**، هیچی وەك پێویست لە کاتی پێویستی خۆیدا نەیانتوانیوە هەڵوێست وەربگرن، ئەوەندەی داکۆکیکارن لەو دۆخەی دەسەڵات دروستی کردوە ئەوەندە هۆکاری کاریگەرنین بۆ گۆڕانکاری. ئەرسەلان عابد دەڵێت: "سەرەتای دروستبوونی سەندیکاکان کاتێك بووە جوڵەی کۆمەڵگە بەرەو مەدەنی بوون نەگشتبۆ ئاستی پێویست، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمان هەر لە هەمان دۆخدا ماونەتەوەو نەیانتوانیوە نوێ ببنەوەو لە هەیمەنەی حزبی خۆیان ڕزگاربکەن، لەبەر هەندێك بەرژەوەندی هەندێك کەسی باڵای ناو سەندیکاکان تا ئێستا ئەم سەندیکایانە گوێ لە حزب دەگرن.

7- **بەشێکی بەرچاو لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێ ئامانج و مشەخۆرن**. چالاکوانێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات: جۆری یەکەم ئەو ڕێکخراوانەن کە ئامانجدارن، واتە لە بوارێکی دیاریکراوی وەك ژینگە، چاودێری، سیاسەت یان هەڵبژاردن کاردەکەن، ئەم ڕێکخراوانە مەبەستدارن، ئەگەر فەندێك هەبێت لەو بوارەی خۆی وەری دەگرێت و پڕۆژەکە ئەنجامدەدات، ئەگەر پسپۆری نەبێت یاخود ستافی شارەزای لەو بوارەدا نەبێت فەندەکە ڕەتدەکاتەوە، ئەم ڕێکخراوانە ڕێکخراوی ڕەسەنن و ژمارەیان لە هەرێمی کوردستان کەمە. بەڵام جۆرێکی تری ڕێکخراومان هەیە لە کوردستان کە دەکرێت پێیابوترێت فەند خۆرەکان، ئەم ڕێکخراوانە گرنگ نیە بیرۆکەکە چیەو چۆنە، گرنگ ئەوەیە پڕۆپۆزلێکی بۆ دەڕازێنێتەوە، ئەو ئامانجەی کە بەخشەرەکە-دۆنەرەکە هەیەتی ئەم خۆیی لەگەڵدا دەسازێنێت تا بتوانێت فەندەکەی لێوەربگرێت و بیخوات. بۆ نموونە، بابەتی جێندەر لە هەرێمی کوردستان، ڕاستە لە هەرێمی کوردستان نادادی لەنێوان

ژن و پیاو هەیە، ژن مافی خوراوە، بوونی لە کایەی سیاسی و پەرلەمان و ئەنجومەنەکان و بەشداری سیاسی پەراوێزخراوەو بە کۆتای پێیدەدرێت. لێرە لە کوردستان گروپێك ئەم بابەتەیان هێنا، ئەوەندە باسیان لە جێندەر کرد تا فەندەکەیان پێوەرگرت، نەهاتن لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بنەمای دیاریکراو توانای ژن بەهێز بکەن، ژن ڕۆشنبیر بکەن، بەپێچەوانەوە سێکسیان کردە وێنای جێندەر، وێنای ئارەزووە جەستەییەکانیان کردە وێنای جێندەر.

8- لاوازی ڕێکخراوەکان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ **<u>نەبوونی کادیری لێهاتوو</u>**. بەشێك لە لاوازی ڕێکخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کادری شیاو، کاتێك ڕێکخراو خاوەنی ستافی لێهاتوو ڕاهێنراو نەبێت چۆن دەتوانێت کاری چاودێری ئەنجامبدات.

**ڕاسپاردەو پێشنیازەکان**

1- پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دووربن لە دەستێوەران و هەژموونی حزبە سیاسیەکان.

2- پێویستە سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان دووربن لە کاریگەری حزبە سیاسییەکان.

3- پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ مەرج هاوکاری دارایی بکرێن.

4- پێویستە ڕێکخراوە ڕەسەنەکان لەباج و ڕسوومات ببەخشرێن.

5- پێویستە ڕێکخراوە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکاری دارایی بکرێن.

6- پێویستە ئەو کەناڵانە بەهێز بکرێن کە ڕێکخراوەکان لەڕێگەیانەوە دەتوانن ڕۆڵبگێڕن، لەوانەش ئەنجومەنی پارێزگاکان، پەرلەمان، هەڵگرتنی کۆت و بەند لەسەر خۆپیشاندان.

7- بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان


1- عومەرعەلی محەمەد."کۆمەڵگەی مەدەنی یان کۆمەڵگەی حیزبی".*خەندان*، (2019). https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=3389&nuser=1040 (بەرواری سەردانیکردن 2023/1/12).

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی یەکێك لە تۆڕە دیارەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

3- چاوپێگەوتن لەگەڵ چالاکوانێکی دیاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

4- یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ. "گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە گەرمیان". *دەنگ*،(2021). http://radiodeng.net/details.aspx?kodtech=3802 (بەرواری سەردانیکردن 2023/2/10).

5- عیماد حەمید. بەڕێوبەری ناوەندی نیشتیمانی بۆ مافی مرۆڤ، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی پەیام، 2020.

6- یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ. "گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە گەرمیان".

7- بەرهەم شێخ عزەدین. *کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەکوێ گەیشت؟ زنجیرە وتارێکن لە تەوەرێکی تایبەتی رۆژنامەی خەبات دا بڵاوکراونەتەوە*. (هەولێر، چاپخانەی منارە)، 149.

8- ئاری ڕەفیق. *ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەسەڵاتی پێنجەم لە هەرێمی کوردستان*. (هەولێر، چاپخانەی رۆکسانا، 2019)،46.